# گفتوگۆی پێگەی سبەی لەگەڵ بورهان یاسین دەربارەی بابەتی دەوڵەتی سەربەخۆ

**٢٠١٢-٣-٢٦**

**پ ١: سەرەتا با لەوەوە دەستپێبکەین، کورد وەك نەتەوە مافی ئەوەی هەیە کە خاوەن دەوڵەتی خۆی بێت، بەدیوێکی تردا بەشێك لە نوسەرانی نەتەوەکانی سەردەستی کورد لە بۆچونەکانیاندا ئەوە دەڵێن کە کورد توانای دەوڵەت داری نییە وەك نەتەوە، ئایا ئەمە راستە؟**

وەڵام: گومانی تێدا نیە کەوا نەتەوەی کورد وەك هەر نەتەوەیەکی تر مافی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە. مافی چارەی خۆنووسین چەمکێکە پێشتر لە گووتار و گفتوگۆکانی رەوشەنگەریدا جێگەی خۆیان کردۆتەوە و ئامادەییان لە باس و خواسە تایبەتەکان بە فەلسەفەی سیاسی هەبووە. دواتر مافی چارەی خۆنووسین لە پرۆسەی بەرجەستەبوون و گەشەکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا لە ئەورووپای رۆژئاوا و ئەمریکای باکوور بە توندی خۆی دەربڕی، وەك چوارچێوەیەکی فەلسەفەی سیاسی بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی. دواتریش وەك بەشێك لە دوو بۆچوونی دژ، بەڵام یەکانگیر لە باسی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، لە لایەکەوە سەرکردەی شۆڕشی بەلشەفی لە ڕوسیا (لینین) وە لەلایەکی ترەوە سەرۆکی ئەمریکا ودرۆ ویلسۆن جختیان لەسەر مافی چارەی خۆنووسینی گەلان کردەوە. دواتریش ئەم پرەنسیپە لە پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جێگەی کرایەوە و لە بەردەوامیشدا لە هەندێ راگەیاندنی ئەو رێکخراوە جیهانیەدا جختی لەسەر کراوەتەوە.

جا ئەگەر بە پەلە هەر لە زەمانی رەوشەنگەریەوە تا دوا جختکردنەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕوانین دەبینین هیچ مەرجێك دانەنراوە کە ئایا کام نەتەوە (بۆ نموونە ژمارەی چەند بێت و لە کام گۆشەی ئەم سەر زەمینە بژیێت و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی/ئابووری چەند و چۆن بێت و ... هتد) ئەو مافەی هەبێ. بە دیوێکی تردا، ئەم مافە پرەنسیپێکی گەردونیە: چۆن مافی چارەی خۆنووسین لە ئاستی تاکەکان (دیسانەوە بە گەڕانەوە بۆ قسە و باسەکانی رەوشەنگەرایی بە تایبەتی نووسینەکانی جان جاك رۆسۆ)

هیچ جیاوازیەك ناكات لە نێوان تاكەكان، جا بە هەر هۆیەكی چینایەتی یا هەر جیاكاریەكی كۆمەڵایەتی تر بێت، هەروەهاش مافی چارەی خۆنووسین لە ئاستی گەل و نەتەوەكانی جیهان هیچ جیاكاریەك ناكات لە چەند و چۆنایەتی گەلاندا. دیارە پێویستە هەر لێرەشەوە ئەوە بڵێین كە زۆربەی زۆر جار مافی چارەی خۆنووسین لە ئاستی نەتەوەكان بەو واتایە دێت كە هەر نەتەوەیەك مافی ئەوەی هەیە كە ببێ بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ و سەروەری بە تەواوەتی نەتەوەیی هەبێ.

دەرباەری بۆچوونی، هەر نەبێ بەشێكی هەرە زۆری، نەتەوە سەردەستەكان كە گوایە كورد توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی خۆی نیە: راستە گرنگە ئەوە بزانین ئایا نووسەر و رەوشەنبیر و سیسەتمەدارانی نەتەوەكانی سەردەست چۆن بیر دەكەنەوە لەمەڕ بابەتی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان، بەڵام بە باوەڕی من گرنگتر ئەوەیە ئایا كورد خۆی چۆن بیر دەكاتەوە و چۆنیش بەرەوڕووی ئەو جۆرە بەهانە و هەڵوەستانە دەبێتەوە و لە رابردووشدا بۆتەوە. وەڵامێكی بە پەلە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە كە بزاڤە سیاسیەكانی هەرە باڵادەست لە كوردستان، بە تایبەتی لە چوارچێوەی دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان (كە دواتر بووە بە فیدڕاڵی) و دیمۆكراسی بۆ عیراق/ئێران، لە باشترین حاڵەتدا ئەم بۆچوونەی نەتەوە سەردەستەكانی بەرجەستە كردوە. باوەڕنەبوونێكی كوردی بەوەی كە دەوڵەتی كوردی دەتوانێ لەسەرپێ بوەستێ، دەتوانێ كتومت سەركەوتنی ئەو بەهانە و بۆچوونەی نەتەوە سەردەستەكان بێت لە مەڕ مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان. ئەم بۆچوونە كوردیە، كە باوەڕی بەوە هێناوە كە دەوڵەتی كوردی گەر راشبگەیەنرێ ئەوا ناتوانێ لەسەر پێ بوەستێت نەك هەر لە ئاستی سیاسی (لە دروشمی سیاسی)دا بەرجەستە بووە بەڵكو لە ئاستە دەروونیەكانی سیاسەت و سیاسەتكردن كوردی خستۆتە پێگەیەكی ترسناكی باوەڕ بەخۆ نەبوونەوە. لە ڕاستیدا ئەم پڕۆسەیە لە بۆچوونێكی كۆمەڵناسیانەوە تەماشای بكەین دەتوانین بڵێین كورد لە رێگای ئەم باوەڕەوە بۆچوونی نەتەوەكانی سەردەستی **خۆماڵی** كردوە واتە شتێكی لە دەرەوەی خۆی هێناوەتە ناوەوەی خۆی لە پڕۆسەیەكی دوور و درێژی خۆماڵیكردن (domestication)دا. بە واتایەكی تر، داگیركار سەركەوتوو بووە لە بەرجەستەكردنی بۆچوونی خۆی لە ناو جیهانبینی و پێكهاتەی دەروونی و كولتوری سیاسی داگیركراودا، كە كوردە. ئەگەر ئەم مەسەلەیە بە پەلە بەراورد پێبكەین لە گەڵ پڕۆسەی داگیركاری ئیمپریالی دەبینین تیۆریەكەی فرانز فانون لە ناو هەموو تیۆریەكان لە شیكردنەوە و تێگەیشتن لە ئیمپریالیزم زۆر سەرنجڕاكێشە: بە بۆچوونی فرانز فانون خەراپترین وە ترسناكترین شت كە ڕوودەدات لە پڕۆسەی داگیركاری ئیمپریالیدا ئەوەیە كە هێزە ئیمپریالیەكە سەركەوتوو بێت لە تێكشكانی باوەڕبەخۆبوونی گەل و نەتەوەی داگیركراو وە سەركەوتوو بێت لە باوەڕپێهێنانی گەلی

داگیرکراو کە ئەو بەبێ یارمەتی داگیرکار ناتوانێ خۆی بەڕێوە ببات. لە بارێکی تردا، ئەوەی کە لە ناو کورددا ڕوویداوە لە ٨٠-٩٠ ساڵی ڕابردوودا ڕێك ئەو باوەڕ لێسەندنەیە، یا تێکشکاندنی باوەڕ بە خۆ بوونەیە...

## پ ٢: لەئێستادا باس و خواسی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی گەرمە، بەڕای بەڕێزت لێدوانی ڕۆژانەی سیاسییەکان موزایەدەی سیاسییە یان بڕوابوونە بە بونی دەوڵەتی کوردی؟

وەڵام: بە باوەڕی من ناکرێ قسەو باسەکان هەر وا بە ئاسانی یەکڕەنگ بکرێن، بەو مانایەی هەمووی موزایەدە بێ یا هەمووی قسەی جددی و بڕوابوون بێت بە دەوڵەتی کوردی. بە مانایەکی تر دەکرێ بەشێکیان بۆ موزایەدەی سیاسی بن و مەبەستێکی سیاسیش لێی ئەوە بێت کە لایەنێکی دیاریکراو خۆی بکا بە خاوەنی دەشتپێشخەری و خۆی بکات بە ناوەندی بڕیاردانی سیاسی و دوا جاریش مەبەست بەکاربرنی ئەم بابەتە بێت بۆ بەهێزکردنی جێگە و پێگە و هەژمونی خۆی لە ناوەوەی کوردستان. با بە ئاشکراتر و ڕاشکاوانەتر بڵێم، لە ماوەی یەك-دوو ساڵی دواییدا چەند جارێك سەرۆکی هەرێم و ڕێکخستنەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان ئاماژەیان بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ داوە و بانگەشەیان بۆ کردوە، بە تایبەتی بەر لە نەورۆزی پار و نەورۆزی ئەم ساڵ ئەو ئاماژانە گەرم و چڕ بوونەوە. لە ڕاستیدا لە هەردوو حاڵەتیشدا کاتێك ئەو باسانە گەرم و چڕ بوونەتەوە لە کاتێکدا بووە کە قەیرانی دەسەڵات گەیشتۆتە لوتکە (ساڵی پار لە ئاکامی خۆپیشاندانەکان وە ئەمساڵیش قەیرانێکی سیاسییە: بۆ چوار مانگ دەچێت پارتی حکومەتی پێوەرنەگیراوەتەوە). بەو مانایەش ئەم ئاماژانە لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ زیاتر دەربڕی قەیرانی سیاسی و دەروونی دەسەڵاتن تا دەربڕی بوونی دەسەڵاتێکی کارامە و لە ئاستە نەتەوەییەکان ڕێکخراو و لە ئاستە ستراتیژیەکان و ئامادە بۆ هاوێشتنی هەنگاوێکی لەم جۆرە. ئەوەتا بۆ نموونە هەموو هێماکان ئەوە دەردەخەن کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هاوپەیمانە ستراتیژیەکەی پارتی، لە حاڵەتی هاوئاهەنگیدا نیە لەگەڵ پارتی لەسەر مەسەلەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەگەر نەڵێین جیاوازی و دژایەتیەکی توندیش هەیە لە نێوانیاندا لەو بارەیەوە. پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە ئایا ئەگەر مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆ شتێکی ستراتیژی نەبێت بە پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانییە ستراتیژییەکەی پارتی و یەکێتی ئەی چی ستراتیژییە؟ لە دیوی تری وەڵامی پرسیارێکی ئەوهادا، مرۆڤ دەتوانێ بە پشتڕاستیەکی زۆرەوە بڵێ کە ئەم هاوپەیمانییە بە زەرەورەت لەسەر مەسەلە ستراتیژییەکان نییە بەڵکو زیاتر بۆ مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی سیاسی و

مۆنۆپۆلکردنی جومگه هەرە گرنگەکانی ئابورییە لە باشووری کوردستان وە لە باشترین حاڵەتد ئەو هاوپەیمانییە ڕێگرییە لە دوبارەبوونەوەی تراژیدییای شەڕی براکوژی.

## پ ٣: سەبارەت بە باشوری کوردستان بەتایبەت تا چەند زەمینەسازی دەوڵەتی کوردی کراوە، یان ڕوونتر با پرسیارەکە لە پەیامەکەی نەوشیروان مستەفاوە بکەین، ئەو لە پەیامەکەی نەورۆزیدا بەڕاشکاوی دەڵێت: لە باشوری کوردستان زەمینەسازی نەکراوە بۆ دروستبونی دەوڵەت، پرسیارەکە ئەمەیە دەوڵەت بە دروشم دروست دەبێت یان بە زەمینەسازی ناوخۆیی و دروستکردنی پایەکانی دەوڵەت؟

وەڵام: سەرەتا سێ خاڵی لێوەدەرچوون کە گرنگن بۆ وەڵامێکی فراوانتری ئەم پرسیارە: ١) من باوەڕم وایە ئەم ڕاگەیاندنەی بزاڤی گۆڕان لەسەر زاری ڕێکخەری گشتی بزاڤەکە (نەوشیروان مستەفا) تا ڕادەیەکی زۆر دواکەوت. من پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٩ لە بابەتێکمدا گۆڕانم بەرەو ڕووی کۆمەڵێك تەحەددا کردۆتەوە وە یەکێك لەوانە خەملاندنی ناسنامە و ستراتیژێکی موتەکامل بوو بۆ ئەم بزاڤە. هەڵبەتە ناسنامە و ستراتیژ لە زیاتر لە سۆنگەیەکەوە تێکەڵاوی یەکتر دەبن وە ماناو هێز لەیەکتر وەردەگرن. مەبەست لەو بەرەوڕووکردنەوەیەش لەگەڵ ناسنامە و ستراتیژ لە پێنج ئاستەوەیە کە ناوەخۆ و عیراقی و کوردستانی مەزن و ئیقلیمی و نێو نەتەوەییە. جا لەم بارەیەوە لەو باوەڕەدام کە لە رابردوودا لەبەر ئەوەی جختی زیاتری لەسەر ئاستی ناوخۆیی (تۆ بڵێ سیستەمی سیاسی لە باشووری کوردستان) کردۆتەوە، بەر لە ئێستا لە سەر مەسەلەیەکی ئەوها گرنگ واتە مەسەلەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەیی کەم یا زۆر قسەی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشی کە بزاڤی گۆڕان دوا کەوت لە ڕوونکردنەوەی بۆچوونی خۆی لە بارەی مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ و ستراتیژی، بەڵام ڕاگەیاندنی بۆچوونی خۆی لە سات و کاتێکی یەکجار پێویستدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە؛ ٢) ئەوەی کە دەکرێ نوێ بێت وە دوو ئاستی ناوەخۆ (باشووری کوردستان) و دەرەوەی (عیراقی) بکا بە یەك ئەوەیە کە ڕاگەیاندنەکەی گۆڕان لەسەر زاری نەوشیروان مستەفا دوو ئاستی پرەنسیپی و عەمەلی بە یەك دەبەستێتەوە وە بۆ یەکەم جار بەم شێوە فراوانە مەسەلەی بە دەوڵەتبوون دەبەستێتەوە بە مەسەلەی ئامادەسازی بۆ هەنگاو و قۆناغێکی ئەوها؛ ٣) لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەیەکی تیۆری هەیە کە دەبێت ڕوون بێت وە حاڵەتی گشتی (گەردوونی) لە مەسەلەی بەدەوڵەتبوون بە حاڵەتی تایبەتیەوە (واتە حاڵەتی باشووری کوردستان) ببەستێتەوە. لێرەشدا لە حاڵەتە گشتیەکەدا دەکرێ بڵێین زۆرن ئەو گەلانەی یا ئەو ناوچانەی کە بوون بە دەوڵەت بەبێ ئەوەی مەرجەکانی دەوڵەتبوونیان تیادا هەبێت، بۆ نموونە سعودیە بوو بە دەوڵەت لە ناوەڕاستی بیستەکان

بەڵام تا سەرەتای پەنجاکانیش تەنها خاوەنی ٢ تا سێ وەزیر بوو وە کاتێك لە ساڵی ١٩٢٠ ئوردن بوو بە مونتەدەبەی بەریتانی لەبەر نەبوونی خوێندەوار کە ببن بە کارمەندی دەوڵەت، کارمەندیان لە وڵاتانی عەرەبی ترەوە و لە بەریتانیا هێنا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت... دیوی تری ئەو قسەیەم ئەوەیە کە تۆ نابێ بە زەروورەت چاوەڕوانی تەواوکردنی بیناسازی دەوڵەت بیت بۆ ئەوەی دروشمی بەدەوڵەتبوون بەرزبکەیتەوە. بەرزکردنەوەی دروشمی بەدەوڵەتبوون زیاتر لە گرنگیەکی هەیە: یەکەمیان، ئەم دروشمە یا راستتر بڵێین ئەو بیرۆکەیە مرۆڤ دەکات بە خاوەن کولتورێکی سیاسی یا تۆ بڵێ فەلسەفەیەکی سیاسی کە باوەڕی بە دەوڵەتبوون هەیە؛ دوەمیان، دروشمی یا داخوازی بە دەوڵەتبوون هەروەها لە خۆوە نایەت بەڵکو ئەمە، بە تایبەتی لە حاڵەتی باشووری کوردستاندا، ئاوێتەبوونی ئەزموونێکی دوور و درێژی تاڵ و تراژیدیاوییە لە شکستی دەوڵەتی عیراق لە تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ئاستی تیۆری کە ئەویش گەیشتنە بەو قەناعەتەی کە لە راستیدا ئۆتۆنۆمی و فیدڕاڵی چارەسەری بە تەواوەتی نین بۆ کێشەی نەتەوەیی بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا نیوە یا چارەگە چارەسەرین؛ سێهەمیان، بە باوەڕی خۆم ئەو کەسایەتییەی کە بۆ ئۆتۆنۆمی/فیدڕاڵی خەبات دەکات زۆر جیاوازە لەو کەسایەتییەی کە داوای سەربەخۆیی دەکات لە رووی کولتوری سیاسی (تۆ بڵێ فەلسەفەی سیاسی)، لە رووی دەروونی، خۆناسین و ئەویتر (نەتەوەی سەردەست) ناسین و... هتد. زۆر بە کورتی هەر بۆ ئەوەی مەبەستەکە ڕوونتر بکەمەوە، کەسایەتی ئۆتۆنۆمیخواز تەسلیمی جوگرافیا و بەهانە و بۆچوونەکانی نەتەوەی سەردەست دەبێ بەڵام کەسایەتی سەربەخۆخواز باوەڕی وایە جوگرافیا رێژەیەکی نەگۆڕ نیە و بەهانەو بۆچوونەکانی نەتەوە سەردەستەکانیش بەوە وەڵام دەداتەوە کە کەسایەتی کورد توانای ئەوەی هەیە ببێ بە خاوەنی بەهانە و بۆچونی خۆی کە گوزارشە لە خواستی جیابوونەوە و سەربەخۆبوون. بەو مانایەش باوەڕبوون بە دەوڵەتبوون کەڵەکەبوونێکە لە باوەڕ و جیهانبینی سیاسی کە دەتوانێ لەسەر هەڵوەشاندنەوە و رەدکردنەوە و قەبرکردنی بەهانە و جیهانبینییەکانی دوێنێ نەتەوە بکا بە خاوەنی بەهانە و جیهانبینی نوێ، کە هی بەدەوڵەتبوونە. بە مانایەکی تر راگواستنی کەسایەتی کوردی **ئۆتۆنۆمیخواز** بۆ کەسایەتییەکی **سەربەخۆخواز** پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و لە ئاستی تیوری و پەروەردەی سیاسییەوە کاری زۆری دەوێ، بۆ ئەم مەبەستەش بە زەروورەت ناکرێ چاوەڕێ بێت تا ئەو کاتەی نەتەوە دەبێ بە خاوەن ئەزموونی خۆی لە بەرهەمهێنان و بەرجەستەکردنی دامەزراوەی دەوڵەت.

لە لایەکی ترەوە وەك دەرهاوێشتەیەك لەوەی پێی دەبێژرێ ئەزموونی باشووری کوردستان، نەك هەر ئەوەی لە راگەیاندنەکەی نەوشەروان مستەفا گوزارەشی لێکراوە راستە بەوەی کە لە بیست ساڵی رابردوو کار بۆ بیناسازی دەوڵەتی سەربەخۆ نەکراوە، بەڵکو زۆر خەراپتر لەوە دەسەڵاتی باشووری کوردستان زۆرێکی لە بنچینەکانی

بەدەوڵەتبوون و بە نەتەوەبوون لەبەر یەکتر هەڵوەشاندۆتەوە. بەشێکی زۆر لە خەڵکی باشووری کوردستان لە بری شانازی بەو ئەزموونە ئەو ئەزموونە وەك موتەکەیەك تەماشا دەکەن و بێزاریەکەیان هەموو ڕادەیەکی تێپەڕاندوە کە هۆکەی بە ڕادەی یەکەم گەندەڵی تەواوی سیستەمە... دەرهاوێشتەی ئەو ئەزموونە ناکرێ باشتر بێت کاتێك ناڕاستگۆیی دەسەڵاتداران هەموو پێوەرێك تێکدەشکێنێ بەو مانایەی کە، زۆر بە کورتی و بە چڕی، ئازادیخوازانی دوێنێی باشووری کوردستان بوون بە ستەمکار و زۆردارەکانی ئەمڕۆ.

جگە لەوە، نەوەیەکی نوێ ئەمڕۆ لە کوردستان بوونی هەیە، نەوەیەك کە لە چیرۆکی دوێنێدا (چیرۆکی خەبات بۆ ئازادی و سەرفرازی) خۆی نابینێتەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو لە ئەزموونە شکستخواردوەکەی ئەمڕۆشدا حەز و ئارەزووەکانی پشتگوێدەخرێن و لە وڵاتی خۆیدا نامۆ دەکرێ بە نەتەوە و نیشتمانی خۆی. ئەمڕۆ لە نێوان ئەم نەوەیە و چیرۆکی دوێنێی وە بەنەتەوەییبوون و هاونیشتمانیبوون لە هەنووکەدا دەسەڵاتێکی گەندەڵ هەیە...

ماوە ئەوە بڵێم کە بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنەکەی گۆڕان/نەوشیروان مستەفا نەبێتە ڕووداوی یەکجارە و بەرجەستە ببێ لە ژیانی سیاسی خەڵکی کوردستاندا و بەردەوامی هەبێ لە پێناو نەك هەر کاری بیناسازی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەڵکو بۆ بەرهەمهێنانی کولتوری سیاسی و بەهانە و جیهانبینی بەدەوڵەتبوونیش: ١) گرنگە ئەم باسەی کە لە نەورۆزدا دەرگای کرایەوە تەنها **کاردانەوە نەبێ** لەو باس و خواسانەی کە سەرۆکی هەرێم لێرە و لەوێ، بە موناسەبە و بێ موناسەبە، کردوونی دەربارەی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵکو ڕاگەیاندنەکەی نەوشیروان مستەفا لە دوای بیرکردنەوە و پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی هاتبێت کۆمەڵێ شت کە گرنگترینیان ئەوەیە کە تەنها سەروەری نەتەوەیی دەتوانێ کورد بکا بە خاوەن ئازدی خۆی و کورد دەربهێنێ لە ژێر دەستی هەژمونی نەتەوەی سەردەست و بیکا بە بڕیاردەر لە سەر چارەنووس و دواڕۆژی خۆی: کەسانی تر (واتە نەتەوەی سەردەست) بەشدار نەبێ لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی، بەڵکو تەنها خۆی بڕیاردەر بێت لەسەر چارەنووسی خۆی. بە مانایەکی تر گرنگە مەسەلەی سەربەخۆیی ببێ بە بەشێك لە کەسایەتی سیاسی و ناسنامەی بزاڤی گۆڕان بۆ ئەوەی لە قاڵبی کاردانەوەیەکی کاتی و سەرپێیی دەربچێ و ببێتە خواست و ئامانجێکی ستراتیژی درێژخایەن؛ ٢) ڕاگەیاندنەکەی نەوشیروان مستەفا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە لە لایەن بزاڤی گۆڕانەوە، بۆ ئەوەی هەموو دیو و ڕەهەندەکانی ئەو مەسەلە گرنگە روونبکرێنەوە. شێوەیەکیش بۆ پەرەپێدانی ئەو باسە ئەوەیە کە بە بەهایەکی تایبەتییەوە ئەم باسە بکرێ بە بەشێکی گرنگ لە باس و خواسەکانی کۆنگرەی یەکەمی گۆڕان کە

ماوەیەکی زۆرە باسی بەستنی دەکرێ وە دەکرێ ئەم باسە بەشێك بێت لە باس و خواسی پڕۆژەیەکی زۆر فراوان کە 'پڕۆژەی نوێبوونەوەی کوردایەتی'، کە بەر لە زیاتر لە دوو ساڵ باسم لێوە کردوە؛ ٣) دوای ڕاگەیاندنی نەوشیروان مستەفا لە نەورۆزدا، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیش دوو راگەیاندنی بە دوای یەکتریان داوە کە هەردووکیان بە شێوەیەك لە شێوەکان نیگەرانیە لە تاکڕەوی سەرۆکی هەرێم، یا هەرەنەبێ لە ئاڵۆزییەکانی مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆ بەو شێوەیەی کە سەرۆکی هەرێم نزیکبوونەوەی بۆ کردووە. بە هەر حاڵ ئەو دوو راگەیاندنەش جختکردنەوەیە لە گرنگی (مەلەف)ی دەوڵەتی سەربەخۆ. جا لێرەدا گرنگە هەر سێ هێزی ئۆپۆزیسیۆن بە گرنگییەکی تایبەتییەوە گفتوگۆیەکی شایستە بکەن لەسەر ئەم مەلەفە گرنگە وە بگەنە دەرئەنجامێك کە تیایدا تەسەورێکی یەکبووی ئۆپۆزیسیۆن لەمەڕ مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆ بخەملێ و بەرهەم بهێنرێ. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە مەسەلەیەکی ئەوها هەستیار و گرنگ لە ئاستە هەرە ستراتیژییەکان لە قاڵبی موزایەدەی حیزبی و تاکەکەسی دەربهێنرێ بکرێ بە مەسەلە و سەرئێشەی هەر هێزێکی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و هەر تاکێکی وڵات؛ ٤) گرنگە لەو باس و خواسانەدا نەك هەر پەرلەمان بکرێ بە مەرجەع و سەرپشك بکرێ، بەڵکو بە تایبەتی جختبکرێتەوە کە مەسەلە و بڕیاری دەوڵەتی سەربەخۆ لە ڕاپرسیەکی گشتی (ڕێفراندەم)ێکدا بڕیاری لەسەر بدرێ، کە تیایدا هەر تاکێك بەشداری لەو بڕیارە بکا و بەشداری لە بەرهەمهێنانی شانازییەکی مێژوویی ئەوهادا هەبێ: کاتێك تاك بەشداری هەبوو لە بەرهەمهێنانی شانازیەکی ئەوهادا ئەوا هەر ئەو تاکە ئامادەش دەبێ وەك سەربازێك بەرگری لەو بڕیار و هەنگاوەی خودی خۆی بکا و لە پێناویدا برس و هەر جۆرە قوربانیەك تەحەممول بکا. لەڕاستیدا لە دیدی عیراقی عەرەبی و کاردانەوەی ئیقلیمی و نێونەتەوەییدا بە ئەگەری زۆر جیاکارییەکی زۆر دەکرێ لە نێوان دوو حاڵەت یەکێکیان ڕاگەیاندنی دەوڵەتە وەك (موغامەرەی) تاکە سەرکردەیەك لە لایەك وە بڕیاری نەتەوەیەك بە تەواوەتی لە ڕێگەی ڕاپرسیەکی گشتییەوە، کە نەك هەر دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن دەباتە سەر سندوقەکانی دەنگدانی ڕاپرسی بەڵکو کۆمەڵگا بە تەواوەتی بە هەموو ڕەنگەکانی و هەموو تاکەکانیشیەوە، بە حیزبی و نا حیزبی.

## پ٤: هەمیشە سەرکردایەتی کورد پاساوێکی هەبوە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ئەویش ئەوەیە کە چواردەورمان نەیاری کوردن ئەگەر ئیعلانی دەوڵەت بکەین لە برساندا دەمرین و هەمو سنورەکانمان لەسەر

## دادەخەن و گەمارۆی سیاسی و ئابوری کورد لەناو دەبات، ئەمە تاچەند ڕاستە؟

وەڵام: ترسناکی ئەو بۆچوونە و بۆچوونی سیاسی لەو جۆرە لەوەدایە کە زەمەن ڕووتدەکاتەوە لە مەرجە مێژووییە جۆراو جۆرەکانی بە مانایەکی تر زەمەن دەوەستێنێ لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا کە هی ساڵانێکی زۆری بەر لە ئێستان. بە پێی بۆچوونێکی ئەوها، کەچی هەلومەرجەکان دەگۆڕێن بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەڵگری بۆچوونێکی ئەوها نەگۆڕە، ناتوانێ گۆڕانکارییەکان لە هەنووکەی خۆیدا ببینێ و ڕوو بە داهاتووش ببێ بە خاوەنی بۆچوونێکی نوێ جیا لەوەی دوێنێ. بە مانایەکی تر ئەو بۆچوونەی لە مەرجەکانی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان بەرهەم هاتووە بووە بە ڕێژەیەکی نەگۆڕ و هەڵگرانیشی بوون بە ئەسیری ئەو ڕێژە نەگۆڕە. دەرهاوێشتەی ئەو حاڵەتە، بە بارێکی تردا، ئەوەیە کە بۆچوونێکی سیاسی بەرهەمهاتوو لە بارودۆخ و مەرجێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی زۆر تایبەتدا دەبێ بە جۆرێك لە جیهانبینییەکی ئایینی و ڕستەکانی ناو ئەو بۆچوونەش وەك ئایەتی پرۆزیان لێدێت کە دەست بۆبردنی نەك هەر ئەستەمە بەڵکو بە هیچ شێوەیەك ناکرێ. ئەمە لە حاڵەتێکی گەردوونی گشتگیردا دەکرێ وەك دیاردەیەکی مرۆیی (ئینسانی) ببینرێ، بەو مانایەش نموونە زۆرن لە فیکر و فەلسەفە و زانستدا کە تیایدا بۆ ماوەیەکی زۆر بۆچوونێك وەك ڕێژەیەکی نەگۆری لێ هاتووە و دەستبردن بۆ گۆرینیشی کارێکی ئەستەم و پڕ مەترسی و نەشیاو بووە.

لەوەی سەرەوە وەك خاڵی لێوەدەرچوون دەکرێ بە ئاسانی بگوترێ لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی سارد و تێکشکانی عیراق لە کوەیت و ڕاپەڕینی ١٩٩١ و کۆچڕەوە مێژووییەکەی هەر ئەو ساڵە هەموویان بە یەکەوە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەرهەمهێنا کە لە دەرهاوێشتە هەرە گرنگەکانیدا حاڵەتێکی نوێی هێنایە کایەوە کە زیاتر لە دەرفەتێکی بۆ کورد کردەوە... بەڵام ئەوەی زۆر جیا بوو لە هەلومەرجەکانی پێشوو، تێکشکان و کەوتنی ڕژێمی بەعس بوو لە بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا. لە لایەکی ترەوە ئەوەی کە ڕوویدا: ١) سەرکردایەتی کورد بە عەقڵیەتێکی **کۆن** کەوتە مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتێکی **نوێ**، بەو مانایەش: بۆ ئەوەی دەرهاوێشتە ببێ بە شتێکی نوێ دەبێ نەك هەر حاڵەت و هەلومەرج نوێ بن بەڵکو دەبێ ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتە دەکەن هەڵگری بۆچوون و جیهانبینی نوێ بن، گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە بەڵێ لەبەر ئەوەی حاڵەت نوێیە دەبێ بیرکردنەوەی کوردیش نوێ بێ، بۆ ئەوەی سەرلە شتێکی نوێ بدات، کە شتێکی جیاواز بێت لە کۆنەکە. بە مانایەکی تر لەبەر ئەوەی سەرکردە کوردەکان ئەسیری جیهانبینیەك بوون کە هی هلومەرجێکی کات بەسەردا چوو بوو، نەیان توانی هەلومەرجی نوێ ببینن وە لێی تێبگەن؛ ٢) بە باوەڕی من دەرهاوێشتەی کەوتنی ڕژێمی بەعس دەرفەتێکی مێژوویی

گەورە بوو کە دەکرا بە جددی هەوڵی بەدەوڵەتبوونی بۆ بدرێ. لە ٢٠٠٣دا نەك هەر دەوڵەتی عیراق هەڵوەشابوویەوە، بەڵکو عیراق بە تەواوتی لە ژێر بەندی ٧ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو، بەو مانایەش عیراق وڵاتێکی بێ سەروەری نەتەوەیی بوو. لەوەش زیاتر وڵاتە عەرەبیەکان دژی ئەوە بوون کە بە زوویی بەشداری لە گەڕانەوەی ئەو سەروەرییە بۆ عیراق بکەن. جگە لەوەش لە حاڵەتی رازینەبوونی لایەنی عەرەبی لە عیراق بە هەنگاوی جیابوونەوەی کوردستان لە عیراق، دەکرا بە 'ئاسانی' پەنا بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ٦٨٨ و ٩٦٨ ببردرێ کە یەکەمیان چوارچێوەیەك بووە بۆ پاراستنی کورد وە لەوەش گرنگتر بڕیاری دووەمیان دانی ١٣٪ لە داهاتی نەوتی عیراقە بە کورد. من پێشتریش گوتومە و نووسیومە کە لە جیاتی کارکردنی کورد بە ئاراستەی سێ بێهیوابوون کە ئەوانیش بێهیوابوونی کوردە لە دەوڵەتی عیراق، بێهیوابوونی شیعە و سوننە لە یەکتر وە لەوانیش گرنگتر بێهیواکردنی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی (بە تایبەتی ئەمریکا)بوو لە پڕۆژەی سەرلەنوێ دامەزرانەوەی دەوڵەتی عیراق؛ دەڵێم لە بڕی ئەوە هەمووی سەرانی کورد، بەر لە هەموویان 'سەرۆکی هەرێم'، کاری بێووچانیان کرد بۆ هیوا و باوەڕی کورد بە 'عیراقی نوێ'، هیوای شیعە و سوننە بەیەکتر و و بەهێزکردنی هیوای ئەمریکا بە سەرکەوتنی پڕۆژەی دەوڵەتی عیراق، کە لە بنچینەدا پڕۆژەیەکی شکستخواردووی بەریتانییە... بە کورتی، ئەمڕۆ ٩ ساڵ دوای پڕۆسەی دەوڵەتی عیراق، هەر ئەو سەرانەی کورد کە رۆڵی سەرەکیان هەبوو لە دامەزرانەوەی دەوڵەتی عیراق، لە ترس و هەڕەشەی پڕ چەککردنی عیراق ئاگادارمان دەکەنەوە و پێمان دەڵێن کوردستان بە شێوازی نوێ تەعریب دەکرێتەوە و هێزی سەربازی عیراقیش لە کورد 'پاکتاو' دەکرێ و بە ئاشکراش ئەو سەرکردانە پێمان دەڵێن ترس لە دووبارە بوونەوەی ئەنفالیش هەیە... هتد. لە لایەکی ترەوە هیچ سەرکردەیەك لەوانە نایەن بە راشکاوانە بە خەڵکی کوردستان بڵێن کە هەڵەی گەورە هی کورد بوو: چونکە ئەوە سەرانی کورد بوون نەیان توانی مەرجە مێژوویی و سیاسیە نوێیەکان ببینن، لەبەر ئەوەی نەیان توانی تەجاوزی بۆچوونە کات بەسەر چووە کۆنەکانی خۆیان بن. بەو مانایەش، نەیان توانی لە ژێر درووشمێکی زۆر سادە بەرەو رووی عیراقی عەرەبی و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ببنەوە و بە راشکاوی بڵێن 'ئێمەی سەرکردە ناتوانین لە بڕی خەڵکی کوردستان بڕیار بدەین و با کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی، بەر لە هەموویان نەتەوە یەکگرتووەکان، بچن/بێن لە خەڵکی کوردستان بپرسن و بزانن دەیانەوێ لەگەڵ عیراق بمێننەوە یا نا'. هەرنەبێ دەیان توانی وەك یاسر عەرەفات (کە لە ساڵی ٢٠٠٠ لە چوارچێوەی گفتوگۆی ئاشتی هەرە چارەنووسسازەکاندا بە ئەمریکییەکانی گوت گەر منیش لە ژێر فشارەکانی ئێوە بە سازش رازی ببم ئەوا هەرگیز جەماوەر (واتە فەلەستینیەکان) بەو سازشە رازی نابن)... بەهەمان شێوە سەرکردە کوردەکان دەیان توانی بە هەموو

لایەك بڵێن: گەر ئێمە وەك سەركردە رازیش ببین ئەوا بە زەرورەت خەڵكی كوردستان رازی نابێت!

راستیەكەی ئەوەیە كە دوو لەو كەسایەتیە كوردانەی بەبێ وچان كاریان بۆ ئەوە كردوە كە عیراق لە بەندی حەوتی نەتەوە یەكگرتووەكان دەربچێ و سەروەری بە تەواوەتی بۆ بگەڕێتەوە مام جەلال و هوشیار زێباری بوون. بەڵام راستیەكەی ئەوەیە كە هەر هەنگاوێك بەروە پێش چوون لەو ئاراستەیەدا (واتە لە ئاراستەی گەڕانەوەی سەروەری بۆ عیراق) مانای مەحرومكردنی كوردە لە بەكاربردنی هەمان بەندی حەوت و بڕیارەكانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان و نەمانی ئەو كەلێنانە بووە كە لە سەروەری عیراقدا هەبوون. لە لایەكی ترەوە پارتی وەك لایەنێكی هاوپەیمانی ستراتیژی و پشتگیرێكی سەرسەختی وەرگرتنی پۆستی سەرۆك كۆماری لە لایەن مام جەلالەوە، بەشدارە لە هەموو بەرپرسییەكی زیندو بوونەوە و بەهێزبوونەوەی دەوڵەتی عیراق. هەر لەبەر ئەوەش پارتی و سەرۆكەكەی مەسعود بارزانی ناتوانێ بە ئاسانی خۆی بكا بە خاوەنی شانازی دەوڵەتی سەربەخۆ و لایەنەكەی تری هاوپەیمان (یەكێتی نیشتمانی) وەك رێگر لەو شانازیە پیشان بدات!

## پ٥ : بۆچونێكی تر هەیە كە دەڵێت دەوڵەتی كوردی تەنها زەمانەتی نێودەوڵەتی دەوێت، زەمانەتی نێودەوڵەتی دەوڵەتی كوردی ئەكات بە واقیع و بەدەستهێنانی ئەو زەمانەتەش قورس نییە چونكە كوردستان وڵاتێكی دەوڵەمەندە، دەتوانێت جۆرێك لەو رێكەوتنانە بكات كە میر و پاشاكانی كەنداوی عەرەبی لەگەڵ رۆژئاوادا كردویانە، رای تۆ لەمبارەیەوە؟

وەڵام: بە باوەڕی من مەسەلە هەر پشتگیری نێو نەتەوەیی نیە بەڵكو ساڵانێكی زۆر بۆچوونی باڵادەست لە ناو بزاڤی چەكداری كورد لە باشووری كوردستان ئەوە بوو كە ئەم بزاڤە بەبێ پشتگیری داگیركەرێكی تر (ئێرانی زەمانی شا و ئێرانی زەمانی ئایەتوڵڵاكان) ناتوانێ لەسەرپێ بوەستێ. ئەم باوەڕە زۆر ترسناكترە لەوەی كە كورد بەبێ پشتگیری نێو دەوڵەتی ناتوانێ ببێ بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. ئەوەی مەبەستمە لەم ئاماژەیە ئەوەیە كە بزاڤی كورد تا ڕاددەیەكی زۆر بوون و هێزی خۆی لە هەمان هەلومەرجە ئیقلیمیەكان (بە پلەی یەكەم داگیركەرانی كوردستان) دیوە تا لە ئیرادەی خەڵكی

کوردستان: بە زمانێکی راشکاوانەتر لە باشترین حاڵەتدا ئیرادەی خۆی خستۆتە ژێر ڕەحمەتی داگیکەرێکی تر وە شەڕی خۆیشی بۆ 'ئازادی' کردووە بە بەشێك لە ستراتیژی داگیکەر. دەرهاوێشتەیەکی زۆر گرنگی ئەو حاڵەتە باوەڕ بەخۆ نەبوون و باوەڕ بە ئیرادەی خەڵك نەبوون بووە و ماهییەتی بزاڤەکەی لە بزاڤێکی ئازادیخواز گۆڕیوە بە بزاڤێك کە بەشێکە لە سیاسەت و گەمە چەپەڵەکانی داگیرکەری بەشێکی تری کوردستان.

بە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی پشتگیری نێو نەتەوەیی، زۆرن ئەو نموونانەی کە پێمان دەڵێن کاتێك گەلێك بڕیاری خۆی دا دەتوانێ رای جیهانیش بگۆڕێ و پشتگیری نێونەتەوەییش بەدەست بهێنێ. لە سەرەتای ١٨٨٠کان ژمارەی جوەکان لە فەلەستین لە ٢٥٠٠٠ کەس زیاتر نەبووە، بەڵام هەر زووش بڕیاری ئەوەیان داوە کە هەر لە فەلەستین ببن بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان. لەو کاتەدا هیچ پشتگیریەکی نێو نەتەوەییان نەبوو بەڵکو ئەو پشتگیرییە دواتر بە خەبات و توانای دڵسۆزانەی سەرکردەکانی بزاڤی زایۆنیزم بەدەست هات. کاتێکیش ئەوان لە سەرەتای سەدەی بیستەهەم کەمایەتیێکی زۆر کەمی فەلەستین بوون، بەبێ ووچان کاریان کرد بۆ بیناسازی دەوڵەتی داهاتوویان، دامەزراندنی تەلئەبیب وەك پایتەختی دەوڵەتی داهاتوویان، دانیشگای عیبری و بانك و پەروەردەی تایبەت بە خۆیان و کارکردن بۆ زمانی یەکبوو و زۆر شتی تر هەمووی لە ٢٥ ساڵی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەنجامدران... ئەم کارانەو زۆر کاری تری گرنگ لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئەلتەرناتیف یا بە واتای عیبری کۆمەڵگا (Yishuv) ئەنجام دران. ئەمانە هەمووی پێچەوانەی ئەزموونی کوردین لە بیست ساڵی رابردوودا، بەو مانایەی لە زۆربەی زۆری بوارەکان، لە چوار چێوەی ئەوەی پێی دەبێژن ئەزموونی کوردی، چوونە دواوە هەیە تا پێشکەوتن... ئەمڕۆ لە کوردستانی، کەم یا زۆر ٢٠ ساڵ ئازاددا، خەڵکی کوردستان بە دەرمان و خۆراکی کات بەسەر چوودا ئەنفال دەکرێتەوە (ئەوەتا لە ژمارەی هەرە دوایی گۆڤاری لڤیندا لە سەر زاری سەرۆکی هەرێم دەگوترێ کە ئەوەی لە دەرمانی کات بەسەرچوو دەکرێ لە هەڵەبجە خەرابترە)...

جێگەی داخە کە ئێستاش لە وڵاتی ئێمە، بە تایبەتی بە هۆی هەژمونی چەپی نەتەوەی سەردەست، ئەو بۆچوونە باو و بگرە باڵادەستیشە کە دامەزرانی ئیسرائیل پیلانێکی ئیمپریالی-زایۆنی بوو... جارێ راستکردنەوەی ئەم بۆچوونە دەتوانێ زۆر یارمەتیدەربێت لە پەند وەرگرتن لە ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەند، کە بەسەرهات و ئەزموونی جووەکانە لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان...

لە مێژووی زۆر نزیکیشدا، ئیدارەی ئەمریکا دژایەتی خۆی، لە سەرەتای ١٩٩٠ەکان، دەربڕی لە راگەیاندنی ئۆکرانیا بۆ سەربەخۆیی خۆی بەڵام کە ئۆکرانیا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند ئەمریکا بەر لە زۆرێك لە وڵاتان قەبوڵی کرد و پێزانینی رەسمی بەو وڵاتە نوێیە

راگەیاند... بە هەمان شێوە، هەر ئەو ئیدارەیە دواتر دژایەتی خۆی لە راگەیاندنی سەربەخۆیی لە لایەن گەلانی یۆگوسلاڤیای پێشوو دەربڕی بەڵام هەر ئەو ئیدارەیە کەمێك دواتر بە هەموو توانا و هێزی سەربازی بەرگری لەوانە کرد کە سەربەخۆیی خۆیان لە یۆگسلاڤیا راگەیاند. لە راستیدا ئیدارەی ئەمریکی بوو بە ئەندازیاری هەڵوەشاندنەوەی یۆگسلاڤیا لە چوارچێوەی رێکەوت و تەرتیباتی ئاشتی دایتۆن... زۆر بە کورتی، کێشەکە نەبوونی پشتگیری نێو نەتەوەیی نیە، بەڵکو کێشەکە زیاتر ئەوەیە کە تا ئێستاش سەرکردەیەکی زۆر هەن کە باوەڕیان بە عیراقی دیمۆکراتی و فیدڕاڵی هەیە وەك تاکە چارەسەر: ئەو سەرکردانەی کە لە پڕۆسەی دامەزراندنەوەی عیراق و نووسینەوە و قەبووڵکردنی دەستوردا پێیان گوتین ئیتر چیتر کورد ئەنفال ناکرێتەوە و ئەو دەستورەش ئەو زەمانەتەیە، هەر ئەو سەرکردانە لەم رۆژانەدا بە خەڵکی کوردستان دەڵێن ئاگادار بن ئێستاش زۆرن ئەو کەسانەی کە حوکمی عیراق دەکەن بەڵام گەر بۆیان بکرێ هەر ئەو کەسانە ئەنفالمان دەکەنەوە!

نیوەی تر لە پرسیارەکەتان باسی بەکاربردنی سەرچاوەکانی دەوڵەمەندیە بە مەبەستی گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆ. بە داخەوە بەو شێوەیەی کە سەرانی کورد سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی، بە تایبەتی نەوت و گاز، بەکار دەبەن تەنها لە خزمەتی توێژێکی ناو خودی دەسەڵاتە کە تەماحە، چاوبرسی و چاوچنۆکە و لە پێناو حەز و خولیاکانی خۆی بۆ دەوڵەمەند بوون ئامادەیە هەموو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بخاتە ژێر پێ. لە راستیدا ئەم توێژە تەماح و چاوبرسییە ئەمڕۆ لە رێگەی مۆنۆپۆڵکردنی زۆربەی جومگەکانی ئابووری کوردستان بەتایبەتی نەوت و گاز مەترسی هەرە گەورەیە لەسەر دواڕۆژی کورد و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی تا نەبوونی پشتگیری نێو نەتەوەیی.

زۆر بە کورتی، باوەڕم وایە کە کورد یەکسەر دوای کەوتنی رژێمی سەددام دەیتوانی کار بکات بۆ بەدەوڵەت بوون وە باشترین شێوەش ئەوەبوو کە بەرپرسی هەنگاوێکی ئەوها لە سەرکردەکان بگوێزرێتەوە بۆ خەڵك وە خەڵکی کوردستان بکرێتە تەرەف لە گەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی. هەر ئەو تەرەفبوونەش لەو 'ململانێیەدا' دەکرا بە ریفراندەمێکی گشتی یەکلایی بکرایەتەوە.

کە ئەمەش نەکرا، دەکرا کورد لە ٢٠ ساڵی رابردوودا لە باشووری کوردستان کۆمەڵێك شتی زۆر گرنگ بکات (لە پڕۆسەی بەنەتەوەبوون و بەدەوڵەتبوون)دا کە هیچیان نە پێویستی بە پشتگیری و نەش پێزانینی رەسمی نێونەتەوەیی هەبوو وە لەسەر هەموویانەوە کارکردن بۆ زمانێکی یەکگرتوو؛ کە بە داخەوە نەك هەر ئەوە نەکراوە بەڵکو لەبەر نەبوونی روئیایەکی روون لە مەڕ مەسەلەی بەنەتەوەبوون خەریکە باشووری کوردستان

دەبێتە دوو گەل، دوو نەتەوە. مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ کێ لەو حاڵەتە بەرپرسە کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی یا دەسەڵاتدارانی کورد خۆیان؟

لەبەر ئەوە، کاتی ئەوە هاتووە خەڵکی کوردستان مەسەلەی سەربەخۆیی خۆی بکا بە مەسەلەی خۆی و دەسەڵاتدارانیش بەرەو ڕووی بەرپرسی مێژوویی بکاتەوە لە گەیشتنی شتەکان بەو ئاقار و ئاکامە نێگەتیڤانە.

## پ ٦: کۆتا پرسیارمان ئەوەیە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بزوتنەوەی ریفرادۆم هاوشانی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەنگدانی بۆ مافی چارەی خۆنوسین کۆکردەوە و زیاتر ٩٨٪ی دەنگدەران داوای سەربەخۆییان کرد، ئەوکات سەرکردایەتی کورد پشتی لەو داوایەی خەڵك کرد، بەڵام لە ئێستادا ئەو داوایە بۆتە دروشمی هەندێك لایەن، بۆچونی تۆ لەمبارەیەوە چییە؟

وەڵام: ئەمە پرسیارێکی گرنگە و باسکردنیشی زیاتر لە گرنگییەکی هەیە.

سەرەتا گەر سەرۆکی هەرێم جددی بێت لە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەبێ بەر لە هەر شتێك بە راشکاوی خۆی بەرەو رووی مێژوو و ئەزموونە گرنگەکانی بکاتەوە، بە تایبەتی ئەو رووداوانەی کە پەیوەندییان بە مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆوە هەیە. لە کاتێکدا زۆر لایەن و لێکۆڵەر و چاودێر بزاڤی رێفراندەمی باشووری کوردستان و دەرهاوێشتەکانی، بە تایبەتی دەنگدان لە راپرسیەکی نارەسمیدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان، جێگەی گرنگیپێدان و تێرامان بووە، سەرۆکی هەرێم لە هەموو کەس بێدەنگتر بووە لەو پرۆسە و ئەزموونە دەوڵەمەند و گرنگە. هەر ئەم تێبینییە بۆخۆی بە تەنیا گومانێکی زۆر دەخاتە سەر جدیەتی بانگەشەکانی سەرۆکی هەرێم لە مەڕ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ... مەسعود بارزانی بە ئاسانی دەتوانێ بە عیراقی عەرەبی و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بڵێ ئەوە خەڵکی کوردستانە بە رێژەی ٩٨٪ دەنگی بۆ سەربەخۆیی خۆی داوە و منیش وەك سەرۆك و نوێنەری ئەو هەرێمە تەنیا شتێکم لەسەرە ئەویش سەردانەواندنە بۆ ئەو بڕیارەی خەڵك. لە بری ئەوەی کە بارزانی خۆی لەو رووداوە گرنگە و ئاماژەپێدانی بشارێتەوە، جێی خۆیەتی کە بە گرنگی و شانازییەوە ئاماژە بەم راستییە بکات. ئاخر ئەو ئاماژەیە دەیتوانی، هەرنەبێ بۆ بەهێزکردنی بەهانەی خۆیشی بێت، زۆر یارمەتیدەر بێت...

به باوەڕی من ئەمە هەر ئاماژەیەکی سەرپێی نیەو گرنگی زۆری هەیە، چونکە بەر لە هەموو شتێك: ١) کاتێك سەرۆکی هەرێم خۆی لە باسکردنی ئەو راپرسییە نادات و خۆی لەو راستییە دەشارێتەوە کە ٩٨٪ خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە، ئەوا بە ئاسانی پێمان دەڵێ ئیرادەی خەڵك بۆ سەربەخۆیی شتێکی گرنگ نیە بەڵکو ئەوەی گرنگە تەنها و تەنها بڕیاری تاکڕەوانەی خۆیەتی، دوور نەك هەر لە بەرجەستەکردنی بڕیارێکی ئەوها لە ناو خەڵك و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەڵکو لە لای هاوپەیمانە ستراتیژییەکەی خۆیشی کە یەکێتی نیشتمانیە (بە پێی هەندێك سەرچاوە بارزانی هاوپەیمانەکەی خۆی لە باس و خواس و ئەگەرەکانی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە نەورۆزدا ئاگادار نەکردۆتەوە)؛ ٢) ئاماژەیەکی تری ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێم ئەو گریمانەیەیە کە ئەو دەخوازێ شانازی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ تەنها بۆ خۆی، لە باشترین حاڵەتیشدا بۆ حیزبەکەی خۆی بێت، وە ئەگەر ئەو گریمانەیەش وابێت ئەوا شتێکی هەرە ترسناك خەریکە روودەدات؛ ٣) پەرماناکردن و بەرزراگرتنی ئیرادەی خەڵك روو لەدەرەوە (واتە لە مەسەلەی سەربەخۆییدا) وا دەکات کە ئیتر زوو یا درەنگ هەر ئەو ئیرادەیە ببێت بە سەرئێشی بۆ خودی خۆی و سیستەمی سیاسی لە ناوەخۆدا. واتە بۆ خۆ پاراستن لەو ئیرادەیە لە ناوەخۆدا، پێویست دەکات کە هەمان ئەو ئیرادەیە روو بە دەرەوەش کارا نەکرێت!

بە هەموو پێوەرێك و لە تێگەیشتنی دروست لە هەموو ئاماژەکان، ئەو کاتەی کە بزاڤی رێفراندەم لەسەر پێ بوو ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەو بزاڤە دەیتوانێ بگاتە پێگەیەکی زۆر گرنگ لە سەرکەوتن کە ئەویش رێگرتن بوو لە دروستبوونەوەی دەوڵەتی عیراق و جیاکردنەوەی باشووری کوردستان لەو دەوڵەتە بوو. بە پێی ئاگادریەکانی خۆم (کە یەکێك بووم لەوانەی کە لە دەرەوەی وڵات شەرەفی بەرپرسیاریەتیم تا مانگی ٥ی ٢٠٠٤ لەو بزاڤەدا هەبوو) دەزانم چۆن بە گەرمی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ لە سەرەتای مانگی ئاداری ٢٠٠٤ پێشوازی لە شاندی بزاڤی ریفراندەم لە دەرەوەی وڵات کرا و بۆ ماوەی نزیکەی ٣ کاتژمێر گفتووگۆیان لەگەڵدا کرا وە دەرهاوێشتەی قسەکانی لایەنی نەتەوە یەکگرتووەکان سێ شت بوو: ١) هەموو گەلێك مافی چارەی خۆنووسین و ئەنجامدانی رێفراندەمی هەیە، بە کوردیشەوە؛ ٢) بە لای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گرنگە کە هەڵوێستی ئەرێنی دوو هێزی سەرەکی کوردستان (پارتی و یەکێتی) لە خواستی رێفراندەم یا هەر ئەلتەرناتیڤێکی تر پشتڕاستبکرێتەوە؛ ٣) بە زووترین کات ئەو ئیمزایانە (کەم یا زۆر نزیکەی یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار ئیمزا) کە بۆ داوای ئەنجامدانی رێفراندەم کۆکرابوونەوە بگەیەندرێنە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێ... دیارە نەگەیشتنی ئیمزاکان لە کاتی پێویستدا و هەڵبژاردەی

دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق، لە بڕی ئەلتەرناتیڤی تر، بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی پارتی و یەکێتی.

لەڕاستیدا، لە کاتێکدا لە دوو بۆنەی جیاوازدا لە ساڵی ٢٠٠٤ هاری شوت (بەرپرسی مەدەنی ئەمریکی لە باکووری عیراق) وە کۆندەلیزا رایس (وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمریکا) پرسیاریان دەربارەی مافی ئەنجامدانی ڕیفراندەم لە باشووری کوردستان لێکرا هیچ کامیان وەڵامی نێگەتیڤانەیان نەبوو: یەکەمیان تەنانەت ئەوەی گوت کە بەڵێ ئێمە هاتووینەتە ئێرە (دیارە قسەکەی لە هەولێر لە پێش کۆنفرانسێکدا کرد) بۆ ئەوەی گوێ لە ڕای خەڵکی بگرین وە وەڵامی دووەمیشیان (واتە هی کۆندەلیزا رایس) ئەوەبوو کە بەڵێ ئێمە دەزانین گەلان ئەو مافەیان مومارەسە کردوە و بگرە لای هاوسێکانمان (دیارە بەمەستی کەنەدا بوو لەسەر چارەنووسی ناوچەی کیوبك) دوو جار ڕیفراندەم ئەنجام دراوە. بە خوێندنەوەیەکی تر دەکرێ بگوترێ هەردوو بۆچوونەکان ڕوو لە ئەگەری ئەنجامدانی ڕیفراندەم لە باشووری کوردستان پۆزەتیف بوو تا نێگەتیف.

لە لایەکی ترەوە ئەو وەڵامانەی کە بە زارەکی و نووسراو دراونەتە نوێنەرانی بزاڤی ڕیفراندەم لە دەرەوەی وڵات لە لایەن وڵاتانی جیا جیا ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە: ١) بە گشتی هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانە هەبوو بەرامبەر ئەنجامدانی ڕیفراندەم لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان؛ ٢) بەڵام لەبەر ئەوەی کە ڕای ڕەسمی سەرکردە کوردەکان (دیسان زیاتر ئاماژە بە ڕای ڕەسمی پارتی و یەکێتی دەکرێ) لەگەڵ عیراقێکی یەکبوودا بووە ئەوا کۆمەڵگەی نێو نەتەوەییش دەبێ ڕێزی ئەو بۆچوونە ڕەسمییە کوردییە بگرێ. لە ڕاستیدا کاتێکیش کۆمیتەی ڕیفراندەمی کوردستان ئیمزاکانیان لە کۆتایی شوباتی ٢٠٠٤ گەیاندە مەجلیسی حوکم، بەرپرسە کوردەکان گرنگییەکی ئەوتۆیان پیشان نەدا؛ لە باشترین حاڵەتدا ئەو ئیمزایانە لە لایەن سەرکردە کوردەکان بەکار هێنران لە پێناو وەرگرتنی پلە و پایە لە بەغدا. جگە لەوەش بە باوەڕی خۆم ڕۆڵی کۆمیتەی کوردستانی بزاڤەکە خۆیشی هەر زوو کەوتە بن هەژمۆن و ڕکێفی دەسەڵاتدارانی کورد، زۆر بە تایبەتی مام جەلال، کە ئەمەش وایکرد تەواوی بزاڤەکە بکرێ بە بەشێك لە ستراتیژی دوو هێزە سەرەکیەکە کە ئەویش خۆی لە زیندوکردنەوە و لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە عیراقەوە چڕ کردبۆوە.